# پێویست بە ژماردنی شەوەکان ناکا


دڵکەش قادر

باسی برینی چیام بۆ مەکە
من نغرۆم لە برین
لەناو لیلّی چیام.

باسی ونکردنی خەیاڵ مەکە
من خەریکی نووسینەوەی مەحاڵم
لەناو ونکردنی ونبووندا.

باسی بارانم بۆ مەکە
من لەبیان ون بووم،
دڵم پڕە کاکتۆزی ژیان.

باسی ڕووناکیم بۆ مەکە
من شەوگارم پڕە لەتەنهایی
سینەم چرچ بۆتەوە
سێوی باغی ئیرەمم
پڕە لە گریان.

لێرەوە پێویست بە ژماردنی شەوەکان ناکا
پێویست بەڕەواندنەوەی خەو ناکا
پێویت بەورتە ورتی بێسوود ناکا
ئیتر تا قیامەت لێرە نابی.

سلێمانیی